
# ئاگادارییەک بۆ کوردستانیانی هۆڵەندە

**با کیمیابارانکراوەکانی هەڵەبجەو سەردەشت وگۆپتەپەو زەردەو ئەڵوەتان وئەنفال کراوەکان تەنها جێنەهێڵین ولەکۆڵ فرانس ڤان ئانرات و کۆمپانیا تاوانبارەکان نەبینەوە.**
**پتر لە 3 ساڵە کۆمیتەی بەدادگاگەیاندنی فرانس ڤان ئانرات و ناوەندی چاک و پارتی سۆسیالیستی**



**هۆڵەندی دۆزی فرانس ڤان ئانراتیان کردە ناسراوترین دۆز، کەتیایدا تاوانەکانی جینۆساید دژ بەخەڵکی کوردستان و ئەنفال و کوشتوبڕی خەڵکی کوردستان گەیشتە گوێی هەموو ناوەندە نێودەوڵەتیەکان،**
**بۆیە کەمجار لەدادگایەکی ئەوروپیدا دۆزی خەڵکی کوردستان دوور لەهەموو دەستێوەردانێکی ناوخۆیی و ناوچەیی تاوتوێ کرا، خۆشبەختانە فرانس ڤان ئانرات بەتاوانی هاوکاری لە جینۆسایدی خەڵکی کوردستان و پێشێلکردنی یاساکانی نێودەوڵەتی بۆبازرگانی سزای 15 ساڵی وەرگرت و هەروەها قەرەبووکردنەوەی زیانی قوربانی شایەدە بەشدارەکانی تێدا یەکلابووەوە، تاوانبار تا ئێستالەزینداندایە.**
**هەر لەودادگایەدا لەلایەن تاوانبارو پارێزەرەکانیەوە داوای پێداچوونەوەی دۆزەکە (ئیستئناف) کراو دواتر پارێزەری گشتی و پارێزەری قوربانیەکان داوای پێداچوونەوەیان کرد بۆ سەپاندنی تاوانی جێنۆساید و مانەوەی تاوانبار لە زینداندا.**
**سێ ساڵی رابردوو کێشەکێشی ئێمەو فرانس ڤان ئانرات بە پاڵپشتی دۆستەکانمان و جالیەی کوردو ڕێکخراوەکان بەقازانجی قوربانیەکان و هەڵەبجەییەکان و خەڵکی کوردستان شکاوەتەوە، چەندین خۆپیشاندانی بەردەم دادگاو سەرماو گەرمای ئامادابووان توانی دەوری باشی ببێت، لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەم دۆزە هەرگیز وەستانی بەخۆیەوە نەدیوە لەپشتی پەردەکانەوە و بەردەوام لە ئاڵوگۆڕدابووە وئێمە بەردەوام کارمان لەسەر کردووە، خۆشبەختانە زۆرشتی گرنگمان داوە بەدادگا لەم بارەیەوە و بەهاوکاری زۆر دڵسۆزو کەسی ئینسان دۆست دۆزەکە ئامادەیی تەواوی بۆکراوە.**
**داگایی بەکردەوە و چاوپێداخشاندنەوە لەم ڕۆژانەی خوارەوە دەبێت لە دادگای شاری دینهاخ لە هۆڵەندا، ئێمە هەموو ئامادەکاری تەواومان کردووە لە مۆڵەت وەرگرتن و دابینکردنی هۆڵ و شوێنی تەواو بۆبینینی پرۆسەی دادگاو مەسەلەی وەرگێڕو....هتد:**

**ڕۆژی یەکەمی دادگا** 2-4-2007
**کردنەوەی دۆزەکە وئەنجامی لێکۆڵینەوەکان، روونکردنەوەی فرانس ڤان ئانرات.**

**رۆژی دووەمی دادگا** 4-4-2007
**گوێگرتن لە قسەو لێکۆڵینەوەکانی واڵتەربێک**
**گوێگرتن لە قسەو باس و شایەدی قوربانیەکان ..**

ڕۆژی سێیەمی دادگا 11-4-2007
**داخوازی نامەی وەزارەتی داد (پارێزەری گشتی).**

ڕۆژی چوارەمی دادگا 16-4-2007
**ڕوونکردنەوەو بەرگرینامەی پارێزەرانی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات.**

ڕۆژی پێنجەمی دادگا**25-4-2007**
**لێکدانەوەی پارێزەری گشتی و قسە لەسەر وەڵامەکانی بەرگری نامەی تاوانباران، وەڵام و دواداخوازی پارێزەرانی تاوانبار.**

ڕۆژی شەشەمی دادگا 9-5-2007
**ئەنجامگیری و دوابڕیاری دادگا**

**شەش ڕۆژی چارەنووسسازو گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان و مافی قوربانیەکانی هەڵەبجەو کیمیاباران و ئەنفال و جینۆسایدی خەڵکی کوردستان، بابەهەموان قۆلی لێ هەڵماڵین و بەردەم و ناوادگا و شاشەکانی تەلەفزیۆن و میدیا جیاجیاکان بکەینە شوێنی نمایشکردنی تاوانێک کەدەرهەقمان کراوە و لە مافەکانمان خۆش نەبین، ڕۆژانێکی گرنگ بۆ یەک دەنگی و خۆپیشاندان کە دووبارەبونەوەیان دەگمەنە، وەرن با لەبەردەم داگای شاری لاهای وەک هەموو جارەکانی پێشوو هەموو پێکەوە بە خاوو خێزانەوە ئامادەبین و قوربانیەکان و شایەدەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بێ نازو بێ ماف و بێ خاوەن نەبن!**

**شوێنی دادگا و خۆپیشاندانەکان: کۆشکی داد لە شاری دەنهاخ**

**Paleis van justitie**
**Prins Clauslaan 60**
**2500 EH Den Haag**
**بۆزانیاری زیاتر:**
**عەلی مەحموود**
**alimm@wanadoo.nl**

**ئەمیر قادر**
Khadir8@yahoo.com

http://www.nawandihalabja.com/ku/

**http://www.kameran.nl/flash/frans.swf**

**ناوەندی چاک و کۆمیتەی بە دادگاەیاندی فرانس ڤان ئانرات**